# دەزگای ئایدیا بەشداری پێشانگای کتێبی فرانکفۆرتی نێودەوڵەتی دەکات

## بە (300) گۆڤارو کتێبوناملکە بەشداری کرد




ئاریز وماجد

ڕۆژانی 8تا 12ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ شەست و پێنجەمین پێشەنگای نێودەوڵەتی فرانکفۆرت کە بەهایەکی مێژوویی و کەلتووری جیهانیانەی هەیە، بە بەشداری 111 وڵات کرایەوە، ئەمساڵ 7100 پێشانگا لە ستاندەکاندا بەشدار بوون، زیاتر لە 9 هەزار رۆژنامەنووس و راگەیاندنکار لەسەرتاسەری دنیاوە بەشداربوون، زیاتر لە 270 هەزار کەسیش لە ماوەی هەر پێنج ڕۆژەکەیدا سەردانی پێشەنگاکەیان کرد، ئەمساڵیش وەك نەریتی هەمیشەیی وڵاتێك میوانی شەرەف بوو، ئەویش وڵاتی فنلەندا هەڵبژێردرابوو بۆ ئەو میوانداری لێکردنە، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە سەرپەرشتی بەڕێز(خالید دۆسکی) وەزیری رۆشنبیری و شاندێکی یاوەری لە ستاندی کوردستاندا بە فەرمی بەشدارییان کرد، ستاندی ئەمساڵی کوردستان لە هۆڵی پێنجەیەمینی ناو بووکمەسەدا بوو، بەر لە رۆژێکی دەستپێکی کردنەوەی ئەم پێشەنگا نێودەوڵەتیە، ئاهەنگی کردنەوەی پێشەنگاکە لە لایەن راوێژکاری ئەڵمانیا ئەنگێلا مێرکل و سەرۆك کۆماری فنلەندا و بەرپرسانی

باڵای ئەو دوو وڵاتە بەڕێوەچوو، لە یەکەمین ڕۆژی کردنەوەی پێشەنگاشدا سەبارەت بە ستاندی کوردستان پێشەنگایەکی فۆتۆگرافی، بۆ وێنە دانسقە فۆتۆییەکانی هونەرمەندی فۆتۆگرافیی(بەهمەن شاهبازی) کرایەوە، کە لەسەر پلاستیك فایبەر چاپ کرابوون، گوزارشتیان لە هەندێ باری ڕیالیتێی کەلتووری و کەلەپووریانەی کوردی دەکرد، هەر هەمان ڕۆژیش بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و شاندی یاوەری چوونە سەردانی هەندێك لەو ستاندانەی ئەو وڵاتانەی کە بە کۆمەکی مرۆیی و سەربازی هاوکاری هەرێمی کوردستان و گەلی کوردیان کردبوو لەو شەڕەی کە بەسەر گەلی کوردستاندا داسەپاوە، کە تیرۆریستانی تاریکبینی داعش ئەوانەی لە دێر زەمانەوە چێژ لە هەڵکێشانی شمشێر وەردەگرن، دژ بە دنیای ڕووناکی بەرپایان کردووە، بۆ ئەو مەبەستەیش ستاندە کەلتووری و چاپەمەنیەکانی سەر بە وڵاتانی ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، ئەلبانیا، نەرویج، ئەمەریکا، فەرەنسا، بەلجیکا، هۆڵەندا، سویدو ئوسترالیا لە لایەن شاندی وەزارەتــەوە بەسەرکرانەوە، ئەویش بە ناردنی چەند دیارییەك بۆیان کە پێکهاتبوون لە سێوی مێخەکرێژ، ئەو سێوە لە قاڵبێکی ڕازاوەداو لە پاکەتێکی شایستەدا دانرابوون، کە وەك سیمبولێك بۆ خۆشەویستی و پێکەوەژیانەو لەناو کەلتووری هاوچەرخی کوردییدا بۆتە نەریت، کورد هێندە پێویستی بە هێز هەیە تا نزیکتری بکاتەوە لە ڕاستی خۆشەویستی، ئەو شوێنانەی ئەم سێوە مێخەکرێژانەیان بە دیاری پێ بەخشرا، پێیان ڕاگەیەندرا کە گەلی کورد هەمیشە حەزی بە خۆشەویستی و ئارامی و ئاشتی بووە، هەروەها بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری خۆشحاڵی و سوپاسگوزاریی گەلی کوردستانی لەبەرامبەر هەڵوێستی وڵاتەکانیان بۆ هاریکاری کوردستان دەردەبڕی، داخوازبوو لێیان کە ئەم دیارییە ڕەمزییانە بگەیەنن بە پەرلەمانەکانیان و پێزانینی گەلی کوردستانیان پێ ڕابگەیەنن، ڕۆژانی دواتر بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و چەند ئەندامێکی یاوەری وەك کەسانێکی خۆ بە بەرپرسیار لە بەرامبەر کەلتووری نەتەوەییانەو مەعریفەی نیشتمانیانەی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، دەڤەرو ناوچەکانی تری کوردستانیش بە گشتی، سەردانی ناوەندی چاپی میزۆپۆتامیایان کرد، چونکە ئەو ناوەندەش وەك لایەنێکی کوردیی نزیکەی 15 ساڵە لەو پێشەنگا نێودەوڵەتیەدا بەشداری دەکەن و ئامادەییان هەیە، هەروەها لە سیمیناری ڕۆماننووسی ئەڵمانیایی بە ڕەچەڵەك کورد (شێرکۆ فەتاح)دا کە تایبەت بوو بە هەڤپەیڤینێك دەربارەی ڕۆمانێکی خۆی، شاندەکە لەو کۆڕەشدا ئامادەبوون، کە ناوەندێکی ئەڵمانی بەناوبانگ بۆ بەڕێزیانی سازکردبوو، دواتریش لە ستاندی کوردستاندا چەندین ڕۆژنامەنووسی بیانی بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر کوردستان هاتنە ستاندەکەو بەشداربووانی ستاند بە ڕووی خۆشەوە زانیاری و کتێبی پێویستیان بە دیاری پێ درا، بۆ ڕۆژی چوارەمینیش دوو خەڵات بە ناوی خەڵاتی کوردستان بەسەر دوو کەسایەتی و ڕۆشنبیری کوردا دابەش کران، کە ئەو دوو بەڕێزە ڕۆڵێکی ئەکتیڤانەیان لە خزمەت گەیاندن بە کەلتوورو ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەبووە، ئەوانیش بەڕێزان (عەبدولرەحمان مزوری) و (جەمال خەزنەدار)بوون، هاوکات بە شێوەیەکی ڕێکوپێك شاندەکەی وەزارەت بە مەبەستی زیاتر شارەزابوون لە چاپەمەنیەکانی دنیا بەسەر ستاندو هۆڵەکانی تردا دابەش بوون، یەکێك لەو دەزگایانەی کە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە هەماهەنگی هێنابوویە پێشەنگاکەوە توانی گرێبەستێك بۆ گۆڕینەوەی هاریکاری لە بواری چاپەمەنیدا لەگەڵ دەزگایەکی بەناوبانگی بەحرەینی ببەستێت کە ئەویش دەزگای چاپی (جەمال عیرفان) بوو، شایەنی وتنە ئەمە یازدەیەمین جارە وەزارەتــی ڕۆشنبیری بەشداری لەم




لێپرسراوی دەزگاو چەند هاوەڵێك لەپێشانگاکەدا

پێشەنگایەدا بکات، ئەمجارەش وێڕای ناوەندو دەزگاو بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاپی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان بە کەرکوکیشەوە بەشدارییان هەبوو، پێشوەختەش نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕەوانەی لای دەیان دەزگاو ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە کرا بوو، لە هەموو شارەکانی کوردستان و بێ جیاوازی بەسەرکرابوونەوە، تا بەشداری بکەن، بەڵام هەندێك لەو ناوەندو دەزگایانە بە پاساوی نەبوونی بودجەی پێویستی دەزگاکانیان لەمساڵدا، یان بە بەهانەی ئەوەی پێویستە وەزارەت کتێبەکانیان لێ بکڕێتەوەو دیالێکت پارەی کتێبەکانیش بدات (وەك مەرجێ بۆ بەشداری کردنیان) هێنایانەپێش، مخابن کە بەو بیانووانە بەشدارییان نەکرد، نە بە کتێب و نە بە ناردنی نوێنەر، بەڵام چەندین ناوەندو دەزگاو وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی تر کە بە نووسراوی فەرمی و بە ناردنی نوێنەری تایبەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەسەر کرابوونەوە،ئەکتیڤانە بەشداربوون لەوانە (وەزارەتی گەشتوگوزار، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کتێب و ڕێبەرو نەخشەو شتی تریان بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕەوانە کرد تا لە بری ئەوان بیانگەیەنێتە فرانکفۆرت، هەروەها دەزگاو ناوەندە چاپەمەنیەکان، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، ڕامان، ئاراس، سەردەم، دەزگای جەمال عیرفان، هەفتەنامەی گوڵان، لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەران، یەکێتی ژنانی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتیەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆکی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، خانەی وەرگێڕان، کوردستان چاپ، بەڕێوەبەرایەتی زنجیرە کتێبی منداڵان، خانەی سمۆرە، کۆمپانیای چوارچرا، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سپیرێز) کە بە هەموویان زیاتر لە یەك تۆن کتێب و 130 کیلۆ سیدی و ڕێبەرو نەخشەو ئاڵای کوردستان و خواردەمەنی کوردەوارییان لەسەر ئەرك و تێچووی بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان گەیاندە پێشەنگاکە، پاش نیوەڕۆی دوایەمین ڕۆژیش ناوەندی چاپ و کەلتووری (ئبین راشید ئالمەکتوم) خەڵاتی ساڵانەی ناوەندەکەیان بەخشیە (ستاندی کوردستان) کە هەر

ساڵەی لە لایەن ئەو ناوەندەوە دەبەخشرێتە ناوەندێکی نێودەوڵەتی، ئەمساڵ بە ڕێــزەوە بەخشرایە ستاندی کوردستان، هەروەها بۆ یەکەمین جاریش بوو ئەمساڵ ناوی ستاندی کوردستان و ئارمی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڤۆڵدەری گشتی پێشەنگاکەدا چاپ بکرێت، کە ئەوەش بۆ خۆی دەسکەوتێکی باش بوو

ساڵانە 5 ڕۆژ لە مانگی ئۆکتۆبەردا ئەم شارە دەبێتە سەرنجڕاکێشترین شوێن بۆ کتێب و مۆڵتی میدیاو کۆمۆنیکاسیۆن، بۆ نموونە ساڵی 2010 نزیکەی 400 هەزار میوان هاتنە پێشەنگاکە، کە زیاتر لە 15 هەزار ڕۆژنامەنووسی تێدا بوو، زیاتر لە هەزار ئەکتەرو نووسەرو دەرهێنەری جیهانی سەردانیان کرد، مێژووی ئەم پێشەنگایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (یۆهانس گۆتینبەرگ) داهێنەری پیتی چاپکراو لەگەڵ هەرسێ هاوەڵەکەی(پیتەرشۆفەر، کۆنراد کینکیس، یۆهانس فۆست) کە پێش 500 ساڵ لەمەوبەر کتێبی چاپکراویان خستە بازاڕی فرانکفۆرتەوە، تا لە ساڵی 1949 بە فەرمی لە کڵێسەی پاولۆسەوە پێشەنگا بۆ کتێب کرایەوەو تا ئێستاش ئەم نەریتە بەردەوامە، لەم ساڵانەی دواییدا جگە لە کتێب، میدیای ئیلیکترۆنیشی تێدا نمایش دەکرێت، هەر ساڵەو وڵاتێك بە شێوەیەکی تایبەت داوەت دەکرێت تا پرۆگرامی کەلتووری هەمەلایەنەی لە کتێب و فیلم و کۆنسێرت و شانۆگەری ئەو وڵاتە نمایش بکرێت، پارساڵ بەڕازیل داوەت کرابوو، ئەمساڵیش فنلەندا، ساڵانە دوو خەڵات دەبەخشرێت: یەکەمیان خەڵاتی ئاشتی کە بڕی 25 هەزار یۆرۆی لەگەڵدایە، ئەم خەڵاتە دەدرێتە ئەو کەسانەی کە بە بەرهەمەکانیان کاریان بۆ مرۆڤایەتی یان سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی کردووە، یەکەمین کەس ساڵی 1950 ماکس تاو ئەم خەڵاتەی بەدەست هێنا دواتر کەسانی وەك هابرماس و ئۆرهان پامۆك و کۆنتەر گراس..تاد

خەڵاتی دووەم: خەڵاتی کتێبە کە ساڵانە دەدرێتە باشترین ڕۆمان بە بڕی 37500 هەزار یۆرۆ دەقرسێنرێت،



دیداری نێوان وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان لەگەڵ ڕۆماننوس شێرکۆ فەتاح لە پێشانگای فرانکفۆرت

هەموو ساڵێك 5 ڕۆمان هەڵدەبژێردرێن و چواریان دەبنە فیناڵیست، فرانکفۆرت جگە لە قوتابخانەی فرانکفۆرتی فەلسەفی، کــە لــە ساڵی 1930 لــە لایــەن ئــادۆرنــۆو هۆکهایمەرەوە بۆ ڕەخنەی دیالەکتیکی و فەلسەفەی کۆمەلایەتی دامەزرێنرا، پاشان کۆمەڵێك بیریاری تری وەك ئەریك فرۆم و مارکۆزەو هابرماس، هەر یەکەیان لە بوارێکدا بە دیــدی ڕەخنەییانە دۆخــی دنیایان هەڵدەسەنگاند، ئەوانیش بە پشت بەستن بە تێزی فەیلەسوفانی پێشتری وەك کانت، هیگڵ، شوبنهاور، نیچەو فرۆید..تاد چەندین ناوەندی فکرو زانستی تری تێدایە..

شایانی باسە دەزگا ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە. ئەمساڵ بۆ یەکەم جار وەك دەزگایەکی سەربەخۆ بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزیری ڕۆشنبیری. سەرۆکی دەزگاکە ئەنوەر حسێن بەشداری لەو فستیفاڵەداکرد. نزیکەی (300) گۆڤارو نامیلکەو کتێبی خۆی لەوپێشانگایەدا نیشاندا، لەگەڵ پێشوازی گەرمی میوانانو نوسەرانی کوردو بیانی ڕووبەڕوو بووەوە، وەك تاکە دەزگای فکری بەشداری کردبوو.